# چەند کۆپلەیەکی دەرهێنراو لە مێژووی سۆسیالدیموکراتیی سوێد[1]

## سۆسیالیستی دیموکراتیك لە ڕووانگەی پایۆنێرێکەوە[2]

**دوو وەفادارێتی** Dubbla lojaliteter

کۆڵەکەیەکی گرینگ لە ئایدۆلۆژیی سۆسیالدیموکراتیك ڕێزگرتنە لە ئازادیی تاکەکەس و لە پرینسیپەکانی دیموکراتیی. پارتەکەمان خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگای چینایەتییە، بەڵام خاوەن باوەڕە کە ئەم کارە بە ڕێگایەکی دیموکراتیك وەئەنجام دەگەیەنرێت. سۆسیالیزم و دیموکراتیی پێکەوە ئاوێتە دەکرێن و دەکردرێن بە یەکەیەك.

مرۆڤ دەتوانێت باس لە ئایدیۆلۆژیەکی سۆسیالیستیی سوێدیی سەربەخۆ بکات. ئەگەر مرۆڤ ئەمە بکات، ئەوا دەبێت لە لای ڕوون بێت کە برانتینگ Branting و Wigforss ڤیگفۆرس بەو باوەڕەوە بە دیموکراتیی ئەوەیان دامەزراند و کە لای مارکس دەبینرێت، هەروەکوو گونار گونارسۆن Gunnar Gunnarson لە کتێبەکەی خۆیدا (کەلەپوری بیری سۆسیالدیموکراتیانە) "Socialdemokratiskt idéärv" (Stockholm 1971) دەیسەلمێنێت.

ئەم تێزە مارکسیستیە ناکرێت بەو مانایە بێت کە سەربەخۆیی چینی کرێکاری سوێدیی کاری جووتیارانی ڕووس بێت.

**دێلەمای کۆمۆنیزم** Kommunismens dilemma

کۆمۆنیستە سوێدیەکان ئاوا لە کێشەی دیموکراتیان نەدەڕووانی. ئایدیۆلۆژیی ئەوان ڕەنگی ململانێیەکی قووڵی ناوخۆیی دەداتەوە کە ساڵانی ١٩٢٠ – ١٩٣٠ ـ کاندا بوو بە هۆی لێکجوودابوونەوەی بەردەوام. پارتی کۆمۆنیست [سوێدی] دەیویست وەك پارتێکی سوێدیی خۆی نیشان بدات. بەو شێوەیەی باسیان دەکرد مەبەستیان ئەوە بوو دژ بە دژواریی و ناهەمواریەکانی ناو کۆمەڵگای سوێد خەبات بکەن. بەڵام هاوکات کۆمۆنیزمی سوێدیی بەشێك بوو لە بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی نێونەتەوەیی. دەگوترا کە هەر پارتێکی کۆمۆنیست هەلی لەبەردەستدایە کە کار بکاتە سەر سیاسەتی کۆمۆنیزمی نێونەتەوەیی. ئەوەش لە کرداردا هیچی لێ نەکەوتەوە.

## سۆسیالیزم و لیبرالیزم[3]

Socialism och liberalism

**چەمکی ئایدیۆلۆژیی**

چەند ساڵێك لەمەوبەر گەلێك توێژەوەر هەبوون، بەتایبەتی لە ئەمەریکا، کە پێیان وابوو ناکۆکیە سیاسییەکان وا بچووك بوونەتەوە کە مرۆڤ دەتوانێت بڵێت کە ئایدیۆلۆژیەکان کاتیان بەسەر چووە. ئەم بۆچوونە لە هێربەرت تینگستن Herbert Tingsten دا نوێنەرێکی بەهرەمەندی هەبوو. هێربەرت تینگستن هەندێك شت دەنووسێت یەکێك لەوانە ئەوەیە کە دەڵێت "پێشمەرجی بەردەوامبوونی دیموکراتیی لەسەر ژیان ئەوەیە کە ئایدیۆلۆژیەکان مردبن".

ئایا ئەمە زیاترە لە شۆخییەك بە یاری وشە، کە لە ڕێگای بە هاسانەگرتنێکی پێناسەکردنی چەمکی ئایدیۆلۆژیەوە شیاو کراوە؟

---

1 ئەم نووسراوەیە لەوەبەر لە ماڵپەری "هەڵوێست" و "دەنگەکان" دا بڵاوبووەتەوە. سوپاسیان دەکەین.

2 کتێبی: Tage Erlander, 1940-1949
Tidens förlag Stockholm Andra upplagan Tage Erlander 1973 s.71-72

3 لەم بەشەوە بۆ خوارە دەرهێنراوە لە کتێبی:
Tage Erlander, Sjuttiotalet
Tidens förlag Stockholm Andra upplagan Tage Erlander 1979 s.53-72

ئەگەر مرۆڤ بە وشەی ئایدیۆلۆژی مەبەستی لە سیستەمێکی نەگۆڕی دۆکترینگەل بێت، کە لە ناو ئەو دۆخانەوە هاتبنە دەر کە بەر لە پەیدابوونی دیموکراتی لە شوێنێك لە جیهانی بیردا هەبوون، ئەوا دەشێت بۆچوونەکەی هێربەرت تینگستن دەلیلی هەبێت.
سیستەمێکی ئاوا بەو شێوەیە داخراو بۆ مارکس ناماقوڵ بوو. بەشێکی گرینگی کاری بیریی و نووسینی مارکس بۆ ئەوە تەرخان کرابوو نیشانی بدات کە ئەوە دۆخی گۆڕانە کە پرینسیپی بەپێوەڕاگرتنی ژیانی کۆمەڵگایە و کە بۆچوونەکانی کۆمەڵگا دەبێت لەگەڵ ئەو پێشینەیەی دۆخەکانی بەرهەمهێنانی ئەو کاتە کە کۆمەڵگا خۆی تێدا دەبینێتەوە ببینرێت. ئەم تێڕووانینە ڕێژەییە (نیسبیە) زەمینە بۆ ئەو بۆچوونە (تێگەیشتنە) خۆش دەکات کە دەتوانرێت کۆمەڵگا بە ڕیفۆرمی پلە بە پلە بگۆڕدرێت – ئەو بۆچوونەی کە ئێمە ئێتر وا لەگەڵیدا ڕاهاتووین کە ناوی بنێین ڕیفۆرمیزم.
نموونەیەکی گشتیی و بەرچاوی ئەم هەڵوێستە ڕیفۆرمیستیە ئەو جۆش و خرۆشەیە کە مارکس لە ساڵی ١٨٦٤ دا ئەو پێشنیازەی سەبارەت بە ١٠ (دە) کاژێر کار لە ڕۆژێکدا بەخێرهێنا، وەك ئەڵقەیەکی گرینگ لە خەباتی سۆسیالیستییدا دژ بە دادۆشیین.
کۆمەڵگابینیی سۆسیالدیموکراتیی جودا لەو کۆمەڵگایە نییە کە تێیدا دەژین و کاری تێدا دەکەین. ئەگەر ئێمە بتوانین نادادیی و کەموکورتیی نەهێڵین، ئەوا بێگومان ناتوانین ئەو بەشە لە ڕەخنەی کۆمەڵگا کە هەمانە بهێڵینەوە کە دروست دژ بەو جۆرە نادادی و کەموکورتیانە بوون. بەڵام سۆسیالیزمی دیموکراتیك لەسەر هەندێك پرینسیپی بناخەیی دامەزراوە کە دەرکەوتووە بە درێژایی کات خۆگر بووە. یەکێك لەوانە ئەو باوەڕە هاوبەشیەیە لەگەڵ لیبرالیزمدا بە هاونرخیی مرۆڤەکان و بە دیموکراتیی.
بەشێك لە نەیارەکانمان ئاشکرابێژییمان بە باوەڕبوون بە دیموکراتیی دەخەنە ژێر پرسیارەوە. لەوە دەچێت ئەوان پێیان وابێت کە ئێمە لە دەستمان دێت سۆسیالیزمێك بخەینە کار کە بە هۆی یاساگەلێکەوە کە چارەنووس بۆی دانابین بتوانێت وەکوو مۆدێلێکی ئورووپای خۆرهەڵاتیی دەربچێت و سەرئەنجام بگاتە دیکتاتۆر و نوخبەگەرایی. ئەمە ساختمانێکە کە بە قووڵی نامێژوویيە. بۆ ئێمە دیموکراتیی شتێکی هەر زۆر زیاترە وەك لە شێوەکارێکی پەرلەمێنتاریانە. ئەمە بەو مانایە دێت کە هاووڵاتیان لەسەر هەموو ئاستێك لە سیاسەتکردن و لە ژیانی کۆمەڵگادا بەشدار بن. هاووڵاتیان دەبێت لە فۆرماندنی کۆمەڵگادا لەگەڵدا بن و بەشدار بن. ئێمە سۆسیالیستین چونکە سۆسیالیزم ئەم لەگەڵدابوون و بەشداربوونە بە هاووڵاتیان دەبەخشێت تەنانەت لەو بوارانەشدا، بۆ نموونە لە کەرتگەلی پیشەسازی و ئاڵوگۆڕدا، کە تیایدا سەرمایەداریی دەستەڵاتی کەمینەیە. ناکۆکیەك لە نێوان دیموکراتی و سۆسیالیزمدا لە کۆمەگابینیی سۆسیالدیموکراتیی سوێدیدا نییە. سۆسیالیزم بۆ ئێمە تەواوکردنێکی ئەو داوایەیە لەسەر دیموکراتی، کە سۆسیالدیموکراتیی لە نێزیکەی سەدەیەکدا خەبات بۆ وەدیهێنانی دەکات.

## خەبات بۆ مافی دەنگدانی سیاسیی

Kamp för politisk rösträtt

ئەم خەباتە ماوەیەکی درێژ بە مانای خەبات بوو بۆ مافی دەنگدانی سیاسیی. لەم تێکۆشانەدا سۆسیالدیموکراتیی و لیبرالیزم شان بە شانی یەك خەباتیان کرد. لە سەردەمی ڕابەرایەتی برانتینگ Branting و کارل ستاف Karl staaff دا تێکۆشانەکە بەرەو سەرکەوتن بردرا. هاوکاریەکە دەتوانرا بەردەوام ببردرێت کاتێك کە سەبارەت بەوە بوو کە لە ڕێگای ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتیەوە هەندێك لەو نەبوونیی، نادڵنیایی و هەژارییە نەهێڵرێت کە لە سەرەتای ١٩٠٠ ـ کاندا بوو بوو بە خەسڵەتی کۆمەڵگا. بەڵام لیبرالیزم بەو شێوەیە لە سۆسیالیزم جودایە کە ئەو ڕەخنە فرە توندەی مارکس قبوڵ ناکات کە لەسەر سیستەمی سەرمایەداریی هەیەتی. مارکس ئەمە بە ناهەق دەزانێت، چونکە فرۆدینگ Fröding گوتەنی ئەم سیستەمە "دەستەڵاتی چەوساندنەوە بە زێر دەدات". ئەم کێبڕکێ ئازادە دەبێتە مایەی قەیران و بێکاریی لە جیهانێکدا کە تیایدا تەکنیك زیاتر و زیاتر هاوکاریی و هاوپشتێتیی دەخوازێت. ئەم تێزانەی مارکس تا دێت فرەتر هێزێکی ژیانی سەیر پەیدا دەکات.
لە کتێبەکەی واڵتەر کۆرپی Walter Korpi دا (چینی کرێکار لە سەرمایەداری باشبژیەتیدا) "Arbetarklassen i välfärdskapitalismen s. 17-22" پێشکەشکردنێکی مارکسیزمی تێدایە کە هەروەکوو

ئەو جۆرە تێگەیشتنەی سۆسیالدیموکراتیی سوێدیە. لەو کارە ناوبراوەدا واڵتەر کۆرپی هەوڵێکی تەواو سەرنجڕاکێش دەدات کە کۆمەڵگابینیی نوێی سۆسیالدیموکراتیی بخاتە بەردەست. هێندەی من بتوانم هەڵبسەنگێنم، ئەمە یەکەمین ڕادەربرینی سەربەخۆی ئایدیۆلۆژیە کە شایانباس بێت و لە مێژە نەگوترابێت. دەوێرم هیواخوازبم سەبارەت بەوەی کە ئەم کتێبەی کۆرپی هەر بە هەمان شێوە لەسەر گفتوگۆ ناوخۆییەکانمان بەجۆشخەر دەبێت، بەتایبەتی لەسەر لاوان، دروست هەروەکوو کتێبەکەی کارلەبی Karleby (سۆسیالیزم لەبەردەم ڕیئالیزمدا) " Socialismen inför verkligheten (1926)".

کتێبەکەی کۆرپی هەروەك ڕادەرپرینێکی کۆریی گرینگە. هەڵبەتە تێزەکەی ئەو سەبارەت بەو سازانە مێژووییە دەبێت بە وردیی بخرێتە ژێر تاقیکردنەوەوە. بە پێی ئەم تێزە لە سەردەمی پاش جەنگدا [جەنگی جیهانیی دووهەم] سۆسیالدیموکراتەکان وا دەربارەی پێداویستی زێدەکردنی بەرهەم باوەڕدار بوون کە ئێمە مەیدانێکی تەواو ئازادمان بە هێزەکانی بازاڕ لە کەرتی پیشەسازی و ئاڵوگۆڕدا بەخشیوە، هاوکات کە بزووتنەوەی کرێکاریی کاریگەرییەکی پریاردەرانەی لەسەر دابەشکردنی ئەنجامی بەرهەمەکە چنگ کەوت. بزووتنەوەی سەندیکایی توانی هێندەی بشێت مووچەی بەرز بسەنێت هاوکات کە سیاسەتمەداران توانیان ڕێگا بەو کەرتە هاوبەشە بدەن کە زیاتر و زیاتر مامەڵە لەگەڵ ئەنجامی بەرهەمەکەدا بکەن. بە پێی کۆرپی Korpi ئەو سازشە مێژوویە بڵندبوونەوەیەکی ستاندەردی خێرای [لە سوێد] بە مووچەخۆران دا. ڕەنگە خێراتر لە هەر وڵاتێکی دیکە بێت لە جیهاندا.

ئێمەیەك کە بەشداریمان لە فۆرماندنی سیاسەتی بزووتنەوەی کرێکارییدا کرد، بە خۆشییەوە ددانی پێدا دەنێین کە بڵندبوونی ئەنجامی بەرهەممان وەك ئامانجێکی گرینگ بۆ سیاسەتی ئابووری دەبینی، بەڵام ئامانجگەلی دیکە هەبوون کە لەوەش زیاتر گرینگ دیاربوون، بۆ نموونە بەپێوەڕاگرتنی هەبوونی کار. بە زۆریی هەروەکوو داوای کاری تەواو دەکرا هاوکات داوای زیاترکردنی بەرهەمیش دەکرا. بەڵام هەمیشە نا.

گرینگیی هەبوونی بڵندبوونی بەرهەم ئێمەی یەکجار وا نابینا نەکردبوو کە پرسیاری گوستاڤ موێلەر Gustav Möller : "بڵندبوونی بەرهەمی چی؟ بۆ کێ؟" لە بیر بکەین. بەو شێوەیە ئێمە دامەزراندنێکی خانووبەرەمان خستە ئاراوە لەگەڵ ئەوەشدا کە دەمانزانی کە خستنەگەڕی سەرمایە لە دامەزراوەی پیشەسازییدا درۆزنانە ئەنجامێکی خێراتر بەدەستەوە بدات، بەلایەنی کەمەوە لەو دەمەدا. بەڵام کۆرپی Korpi ڕەنگە لەوەدا دروست بێت کە ئێمە ڕێگامان بە قازانجخۆران دا کە ڕۆڵێکی یەکجار گەورە لە ڕێڕەوی بەرهەمدا ببینن و کە ئەمە بووە مایەی دۆخی خراپ کە داوای کاریگەریی مووچەخۆرانی لەسەر بەرهەمهێنان بەهێزتر کرد.

بەڵام ڕووانگەسەرەکیەکەی کتێبەکەی کۆرپی بە توندی ئەرێنیە (پۆزەتیڤە). جێی خۆیەتی ئەم کتێبە بەجۆشمان بخات وا کە ڕابردوومان شی بکەینەوە بۆ ئەوەی دەرسی بۆ ئەو هەڵوێستە گرینگانە لێوەربگرین کە بزووتنەوەی کرێکاریی لەبەردەمیدا خۆی دەبینێتەوە.

## ئایدۆلۆژیی سۆسیالیزم لە ئاستێکی بڵنددا زیندووە

Socialismens ideologi är i hög grad levande

ئایدیۆلۆژیی سۆسیالیزم بەڕاستیی نەمردووە، بەڵکو لە ئاستێکی بڵنددا زیندووە. بەڵام بۆ نەیارانی برژوازی و کۆمۆنیستمان پێشکەوتنەکە دۆخە ئایدیۆلۆژیەکەی وا تێکەڵوپێکەڵ کردووە کە لەوە دەچێت تینگستن Tingsten ڕاستی گوتبێت.

با یەکەم لە کۆمۆنیستەکانەوە دەست پێ بکەین کە پێیان وابوو لە گەرمەی وازهێناندا بوون لەو کۆنەلێکدانەوەیەی کە سەبارەت بە بیری مارکسیستی هەیانە پاش ئەو شتانەی کە لە سۆڤیەت و چین ڕوویدا. وا کە ئەو هەموو ڕووناکبیرە خۆیان بە کۆمۆنیست دادەنێن لەوە دەچێت پێوەندی بەو فرە ڕێزەوە هەبێت کە هەموویان هەیانە بەرانبەر ئەو کەسایەتیە گەورانەی کە بە سەر چوون. چونکە خۆ ناکرێت ئەوە بێت کە ئەوان لە فێربوونێکی سونەتیدا چەقی بن کە ڕێگایان لێ گیرا بێت نەتوانن دەرس لە ڕیئالیتێیەکی (واقیعێکی) لە گۆڕاندابوو وەربگرن.

ئێستا کۆمۆنیستەکان لەوە دەچن حەز بکەن وەکوو جۆرێك لە سۆسیالدیموکراتی بە ڕیئالیتیە نامۆ دەربکەون. ئەوە بە ڕوونیی بێمانایە کە دێن و پێدادەگرن گوایە هەڵگری بیری برانتینگن Branting ،

هەرچەندە کە ئەوە زیانێکی واشی لێ ناکەوێتەوە. بەڵام هەر باشە کە نموونەیەکی خراپیان بۆ چاولێکردن هەڵنەبژاردووە.
پارتە برژوازیەکان لە پلەی حوکمەتدا بۆیان دەرکەوت کە ئەو کارە چەند نەشیاوە بێن و بتوانن سیاسەتێکی پراکتیك لەسەر بناخەی تیئۆری ئابووریی لیبرالیانە دابمەزرێنن. لە قەیرانێکی ئابووریدا مرۆڤ ناتوانێت بە قسەکردن لەسەر تواناى خۆتیمارکردن هیچ بە هیچ بکات. ئێمە ڕەخنە لەو حوکمەتە برژواییانە ناگرین لەبەرئەوەی کە ڕیئالیتیەت ناچاری کردوون کە لە هەر حوکمەتێکی دیکەی لەوەبەر لە مێژوودا زیاتر لەسەر ڕێگای دەستێوەردانی دەوڵەت و سۆسیالیزم پرۆن. بەڵام ئێمە ئەمە هەر زۆر بە ناماقوڵ دادەنێین کە ئەمان بێن و ئەمە بە کۆمەڵگابینیەکی لیبرال لە قەڵەم بدەن.
خوێندنەوەیەکی پێشنیازی سیاسەتی پیشەسازیی و ئاڵوگۆڕی حوکمەت ساڵی ١٩٧٩، زۆر جێگای سەرنجە. لەوێدا بە ڕوونیی و بە ئاشکرا باسی بەشداریی تا دێت زیاتری کۆمەڵگا لە کەرتی پیشەسازی و کۆمەڵایەتیدا دەکردرێت، لە سیاسەتی قەیرانی ساڵانی ١٩٣٠ ـ ـکانەوە تا سیاسەتی ژینگە و کاروباری ئەمڕۆ. بەڵام هاوکات هەوڵدەدەن ئەوە بڵێن کە گوایە ئەوە لیبرالیزمە کە لە ناو ئەو ساڵانەدا سەرکەوتووانە ڕێگای پریوە. لە پروپاگەندەدا باسی پێویستیی دروستکردنی بەرەیەکی ناسۆسیالیستیی دژ بە تێکۆشانە بەسۆسیالیستکردنەکان دەکردرێت!
وا پێناچێت کە پاش بەسەرچوونی ئەزموونی ئەو سێ ساڵەی ڕابردوو کارێکی هاسان بێت متمانەیەك بەو پروپاگەندەیە بدرێت. ئەوەش کارێکی نەشیاو دەبێت کە هەوڵ دەدەن دەوڵەت وەك هەڕەشەیەك دژ بە تاکەکەس دابنێن کاتێك کە هێندە خەڵك وەك گارانتیەکی جێ باوەڕ بۆ دڵنیایی ڕوو دەکەنە دەوڵەت.
ڕۆژانە ئێمە نموونە دەبینین کە چۆن کرێکاران و کارمەندان لە فابریکی قەیرانگرتوودا داوا دەکەن کە دەوڵەت گارانتی ئەو کارە بکات کە لەوە ناچێت کاروباری فابریك و شیرکەتی موڵکیی بتوانێت بیانداتێ.

### بەسۆسیالیستیکردن دوائامانج نییە

Socialisering är inte självändamål

ئایدیۆلۆژیی برژوازیی لە ژێر فشاری ڕیئالیتیەتدا وردوخاش بووە. بەڵام تا ئەو دەمە هەر دەتوانن خۆیان بەڕێوە بەرن کە خۆیان لە ناو ئەو سنووڕەدا هەڵسووڕێنن کە پارێزگاریی لەم دۆخەی ئێستا بکەن، واتە ئەو کۆمەڵگایەی کە تا ڕادەیەکی باڵا بە تێکۆشانی سۆسیالدیموکراتیی دروست کراوە. ئایا ئەمە باش نییە؟ کەچی هەر ئێمەی سۆسیالدیموکرات پێی ناڕازیین.
بۆ ئێمە دەستتێوەردانی دەوڵەت و بەسۆسیالیستکردن دوائامانج نییە. بەسۆسیالیستکردنێك کە بریتی بێت لەوەی کە دەوڵەت تەنها ئاگای لەو فابریکانە بێت کە کاریان خراپ دەڕوات، هاوکات کە فابریکە باشەکان بە بەرژەوەندی قازانج بەڕێوە ببردرێن، دەتوانێت بە مانای زەحمەتکردنی ئەو پلانە ئابوورییە بێت کە پێویستە. دەستتێوەردانێکی دەوڵەت کە جیاوازیەکانی ناو کۆمەڵگا و کە نابەرابەریەکان زێدەتر بکات دژ بە بیری سۆسیالیزمە. ئایدیۆلۆژی بۆ ئێمە گرینگە.
ئامانجی ئێمە کۆمەڵگایەکە کە لە بناخەوە بگۆڕدرێت. لەبەرئەوە لەسەرمان پێویستە بزانین چیمان دەوێت. دەبێت چالاکیەکانمان لەسەر بناخەی کۆمەڵگابینیەکی تەواو بیرلێکراوەوە ساز بدەین. دەبێت بە وردیەوە شێوازەکان بۆ جۆرە سۆسیالیزمێك تاقی بکەینەوە کە کاریگەریی هاووڵاتیان زێدەتر بکات و هاوکات گیروگرفتەکانی بەرهەم چارەسەر بکات، کە کۆمەڵگای کێبڕکێکار (ڕەقابەتکار) خۆی ناتوانێت ئەو کارە بکات.
کۆمەڵگابینیی ئێمە بۆ ئەوەی کە بناخەیەك بێت بۆ سیاسەتمان لە ڕابردووماندایە. ئەو سیاسەتە لە ناو دەمی سیاسەتی قەیرانی[4] (krispolitik) ساڵانی ١٩٣٠ ـ ـکان، لە دامەزراندنی باشبژیەتی کۆمەڵایەتی کاتی پاش دەمی جەنگەکە [جەنگی جیهانیی دووهەم] و لە کاتی بەرقەرارکردنی ڕیفۆرمی خانەنشینی کارمەنددا (tjänstepensionsreformen) تاقی کرایەوە.

---

[4] سیاسەتی قەیران (krispolitik) بە پێی فەرهەنگی ئاکادیمی سوێدی بەو سیاسەتە دەگوترێت کە بە هەنگاوەچارەی زۆر تایبەتی هەولبدات قەیرانێکی ئابووریی کەم بکاتەوە یان نەیهێڵێت.
/http://g3.spraakdata.gu.se/saob

ئەمڕۆ بزووتنەوەی کرێکاریی لەبەردەم کێشەی نوێدا وێستاوە. سەرۆکی [بانکی] لێنسپاربانکن لە یۆتەبۆری، کارل هێنریك پێتەرشۆن (Karl Henrik pettersson)، لە وتارێکدا لە ڕۆژنامەی ئەفارشڤاردن (Affärsvärlden) دا بە شێوەیەکی یەکجار سەرنجڕاکێش ئاماژەی بە ئەرکە نوێیەکانی سیاسەتی ئابووریی کردووە. ئەو دەیەوێت نیشانی بدات کە کۆمەڵگا دەبێت لە کام بوارانەدا دەستتێوەربداتە دۆخەکە بۆ ئەوەی کۆتایی بەو سسستیەی گەشەی ئابووریی بهێنرێت. ئەم کارە تەواو هاوئاهەنگی ئەو گفتوگۆیەی ناو بزووتنەوەی کرێکارییە. بەڵام بێلەوە بزووتنەوەی کرێکاریی خوازیاری ئەوەیە کە هەندێك گیروگرفتی جیددی دیکەش بخاتە ڕۆژەڤەوە. گرنگترین لە ناو ئەوانەدا ئەوەیە کە دیموکراتیی ئابووریی بخرێتە ژیانەوە. چارەسەرکردنی ئەم ئەرکە بە دڵنیاییەوە زۆر زەحمەتترە وەکوو لە چارەسەرکردنی سیاسەتی قەیرانی ساڵانی١٩٣٠ یان جێبەجێکردنی ڕیفۆرمی خانەنشینی کارمەند لە ١٩٥٠ ـ ـکاندا. بۆ ئەمەیان شیکردنەوەیەکی تەواو چڕ و پڕی کۆمەڵگا دەبێت ڕێنماییمان بکات.

## ئەزموونی پێشڕەوانی ڕابردوومان ڕێنماییمان دەکات

Våra föregångares erfarenheter vägleder oss

کۆمەڵگای ئەمڕۆ یەکێکی دیکەیە وەك لەوەی کە لە سەردەمی برانتینگ Branting و تۆرسۆن Thorsson دا هەبوو. سیاسەتی قەیرانی پار ئالبین هانسۆن[5] Per Albin Hansson، گوستاڤ موێلەر Gustav Möller و ئێرنست ڤیگفۆرس Ernst Wigforss کۆمەڵگای گۆڕی بە شێوەیەك کە ئێمە ئەمڕۆ ناتوانین بێین و سیاسەتی ئەوان کۆپی بکەینەوە، بەڵام ئەو بناخەی تێڕووانینەی ئەوان کە شتیان لەسەر دادەمەزراند بە پتەوی ماوەتەوە. ئەوە ئەزموونی پێشڕەوانی ڕابردوومانە کە دەبێت ڕێنماییمان بکات کاتێك کە خەریکی بەرقەراکردنی دیموکراتیی ئابوورییین.

لەبەرئەوە ڕەنگە بتوانین کەڵك لە دووبارەخوێندنەوەی ئەو بیرانە وەربگرین کە جۆسێف شیومپێتەر Joseph Schumpeter زیاتر لە ٣٠ ساڵ لەمەوبەر فۆرمولەی کردوون. ئەو پێشبینی کرد کە لە دەوڵەتانی مۆدێرنی پیشەسازییدا وا دەبێت کە قازانجی فابریکەکان هێزێکی پاڵپێوەنەری بەس نابێت بۆ ئەوەی هاندەری سەرمایەخستنەگەڕی پێویست بێت.

کاتێك من ئەم ساڵ، ١٩٧٩، چوومەوە سەر خوێندنەوەی شیومپێتەر بۆم دەرکەوت کە دەلیلهێنانەوەکەی لە ڕاستیدا سەرەتایەکە بۆ ئەو گفتوگۆیە ئێستاییە گەرمەی سەبارەت بە فەندی سەرمایەگەڕی کارمەندان (löntagarfond)[6] هەیە. ئەگەر قازانج ئیتر بەس نەبێت بۆ ئەوەی کە سەرمایەخستنەگەڕە هەرە پێویستەکان بڕەویان هەبێت، ئەوا دەبێت جۆرێك لە پاشەکەوتی کۆمەڵییمان هەبێت، پاشەکەوتکردنێك کە بە پلەی یەك دەربەستی قازانج نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە پێویستیەکی گرینگ دڵنییا بکات، بۆ نموونە هەبوونی کار.

ئێستا ئێمە لە هەندێك کەرتدا گەیشتووینەتە ئەوێندەرێ. دۆخی ڕیئالیزم وەڵامێکی وا دروستی داوینەتەوە کە نابێت قابیلی دۆڕاندن بێت. بەڵام شێوەپێدانی ئەو پاشەکەوتە کۆمەڵییە کێشەیەکی گەورە و چارەسەرنەکراوە. ئایا ئەو پاشکەوتکردنە کۆمەڵگا تیایدا باڵزاڵ بێت یان مووچەخۆرانی فابریکەکە؟ پاشان ڕەنگە دەربکەوێت کە پراکتیکە شێوەی جیاواز بۆ کەرتی جیاوازی کاروبار هەڵبژێردرێت.

---

[5] پار ئالبین Per Albin Hansson یەکێکە لە کەسایەتیە فرە گرینگەکانی مێژووی سۆشیالدیموکراتی سوێدی. پار ئالبین خۆی ڕۆژانە سوار شەمەندەفەری ئەو کاتەی سەر زەوی، شتێکی وەك تراموا، کە بە ژمارە ١٢ ناسراوە، بووە و چووە بۆ وەزەراتگا بۆ سەر کار. ڕۆژی ١٩٤٦/١٠/٦ کاتێك کە دادەبەزێت و ڕووەو ماڵ بە ڕێ دەکەوێت لەسەر شەقامەکە بەلادا دێت و دەکەوێت و ئیتر هەڵناسێتەوە. پاش سێ ڕۆژ دوای مردنی، لە ١٩٤٦/١٠/٩ دا، تاگە ئیرلاندەرTage Erlander، بە سەرۆکوەزیری حوکمەتی سۆشیالدیموکراتی سوێدی هەڵبژێردرا. لە پاییزی ساڵی ١٩٦٩ لە سەر کار لاچوو، بەو شێوەیە ٢٣ ساڵ سەرەکوەزیر بوو، ٢٥ ساڵ لە حوکمەتدا و ٣٢ ساڵ لە وەزارەتگا.

[6] فەندی سەرمایەگەڕی کارمەندان (löntagarfond) بۆ ئەو مەبەستە بوو کە هاوکاریگەریی کرێکاران لە فابریکدا پەیدا ببێت. ساڵی ١٩٨٣ خرایە کار بەڵام لە حوکمەتگۆڕینەکەی ساڵی ١٩٩٠ دا [کاتێك ڕاستڕەوەکان بردیانەوە] هەڵوەشێنرایەوە.

لەوە دەچێت هەرە گرینگترین خاڵی بڕیاردەر ئەوە بێت کە چ جۆرە فۆرمێك دەتوانێت کاریگەری بڕیاردەرانە بە مرۆڤەکان بدات کە لەسەر بەهەم هەیان بێت. ئەمە ئەو لایەنە دیموکراتیکەیە کە بیری سەبارەت بە فەندی سەرمایەگەری کارمەندان دەکات بە جێی ئارەزوو. ئەوە زۆر ڕوونە کە لە دەوری ئەم کێشە ناوەندیەیە کە ئایدیۆلۆژی هاوپشتیی (هاوخەبایی) سۆسیالیزم دەکەوێتە دژایەتی ئایدیۆلۆژی کێبرکێئامێزی (ڕەقابەتخوازی) لیبرالیزمەوە. بەڵام ئەوە لە خۆیدا شتێکی باشە کە لە لای لیبرالەوە دەیانەوێت لە گفتوگۆیەکەدا بەشدار بن کە دەبێت بکەوێتە پێش هەڵوێستوەرگرتنەکەیانەوە. بەڵام ئەگەر بە حیسابی ئەوە بێت کە هەتا ئێستا دەبینرێت، لەوە دەچێت کە برژوازێتی خواستی ئەوە بێت کە نەکەوێتە ناو ئەو چالاکیەوە و بەڵکو هەمان هەڵەدووپات بکەنەوە کە لە گفتوگۆی خانەنشینی کارمەندا (tjänstepensionensdebatten) کردیان، واتە واز بهێنن و وا بکەن کە هەموو گفتوگۆکە و دەرئەنجامەکەی لە ناو بزووتنەوەی کرێکاریدا ڕوو بدات. لە ڕووانگەی سیاسەتی حیزبایەتی بەرتەسکەوە بێگومان سۆسیالدیموکراتیی هیچ دژی ئەوە نییە کە جارێکی دیکەش بە تەنها نوێنەرایەتی بەرژەوەندی مووچەخۆران بکاتەوە. بەڵام ئێستا سەبارەت بە پرسیارێکە کە بۆ هەموو ئاییندەمان گرینگە و کە جێی خۆیەتی هەموو هێزە پێشکەوتووخوازەکان بە باشی بزانن و بێن بۆ چارەسەرکردنی لەگەڵدا بن.

## سۆسیالیزمی پار ئالبین هانسۆن

Per Albin Hanssons socialism

## ئایدیۆلۆژی و سیاسەت

Ideologi och politik

من هەمیشە ئەوە ڕادەگەیەنم سیاسەتمەدارێك کە بیەوێت شتێکی بە نرخ دابمەزرێنێت دەبێت کارەکەی خۆی لەسەر بناخەی کۆمەڵگابینیەکی ورد و بیرلێکراوە بنیات بنێت. بێ بوونی ئایدیۆلۆژیی ئەوا سیاسەت دەبێت بە گەمەیەکی تاکتیکیی کە دەشێت سەرئەنجامەکەی ببێت بە هەر شتێك.

پاش کۆبوونەوەیەك، کە هەروەك هەمیشە هاتم و ئەمەم دووپات کردەوە، یەکێك لە دۆستەکانم هات بۆ لام و پێی گوتم کە من لەو خاڵەدا بە هەڵەدا چووم. ئەو دۆستەم ئەو حوکمە توندەی خۆی بەو دەلیلە بوو کە ئاماژەی بە پار ئالبین هانسۆن کرد. بەو شێوەیەی کە ئەو لێی تێگەیشتبوو پار ئالبین هانسۆن گەورەترین بەهرە بوو کە بزووتنەوەی کرێکاریی توانییێتی دەستی بکەوێت. کارە سیاسیەکانی ئەو بە شێوەیەکی دیار و بەرچاو کۆمەڵگای سوێدیی گۆڕیبوو. بەڵام پار ئالبین ئەم کارە مەزنەی بە بێ هیچ ئایدیۆلۆژیەك ئەنجام دابوو.

تا ڕادەیەك حەپەسام. من ئاشنای ئارەزووی گەورەی پار ئالبین هانسۆن بووم کە بۆ ئایدیۆلۆژی هەیبوو. ئەم ئاشنابوونەم بە گەلێك شێوە پەیدا کردبوو، لەوانە لە ڕێگای کۆمەڵێك وتارەوە کە لە ڕۆژنامەی "پێشەوە "Fram" دا، کە ڕۆژنامەیەکی کۆمەڵەی لاوانی سۆسیالدیموکراتەکانە، بڵاو دەبوونەوە. کاتێك کتێبەکەی کارل کاوتسکی Karl Kautsky "شۆڕشە کۆمەڵایەتیەکە Den sociala revolutionen" ساڵی ١٩٠٦ بە زمانی سوێدیی هاتە دەر پار ئالبین لە سێ (٣) وتاری درێژدا هەڵیسەنگاند کە شاهیدیی لەسەر تێگەیشتنێکی گەورە بۆ ئەو شێوە فۆرماندنەی مارکسیزم دەدەن کە کاوتسکی خستوویەتیە بەردەست. ئەو کاریگەرییە بە بەرچاوەوە دیار بوو کە کاوتسکی لەسەر پار ئالبینی لاوی دانابوو. ئاخر وایە کە تێگەیشتنی سیاسیی تافی لاوی بە زۆریی لە هەموو درێژایی ژیاندا دەمێنێتەوە.

ئەو کەسەی خوازیاری ئەوە بێت کە شوێنپێی لاوێکی تێگەیشتوو بەرەو سۆسیالدیموکراتیی ئینتەرناسیونال هەڵبگرێت ئەوا کتێبی "پار ئالبینی لاو - مارکسیست Den unge Per Albin – marxisten (1974)" کە سیگوارد کلۆکەرSiguard Klockare نووسیوویە ڕێنیشاندەرە. لەو کتێبەدا هەروەها چەندین وتاری پار ئالبین هەیە کە لە نێوان ساڵانی ١٩٠٥ – ١٩٠٩ دا نووسیوویەتی.

ئەو جیلەی ئێمە خوێندنی ئایدیۆلۆژیی خۆی لە نیلس کارلەبی Nils Karleby و ئێرنست ڤیگفۆرس Ernst Wigforss دەست کەوتبوو. ئێمە هیچ ناکۆکیەکی گەورەمان لە نێوان ڕیفۆرمیزمی دیموکراتیکی ئەوان و ئی پار ئالبین هانسۆندا نەدەبینی. هاسانە لە بیرگەلی پار ئالبین هانسۆن پروانرێت. پار ئالبین ئەندازەیەکی زۆری لە وتاری ڕۆژنامەیی و نووسراوەی دەرسگوتنەوە لە پاش خۆی

جێهێشتووه. پار ئالبین پیاوی نووسین بوو. زۆر زیاتر لەوەی کە خەڵك بە گشتیی دەیزانن. ئەمە شتێکە کە دەتوانێت مرۆڤی سەرنجکورت و بێدەربەست بخاتە هەڵەوە. پار ئالبین بە زۆریی فۆرمولەبەندیی وا نەرمی هەڵدەبژارد کە ڕوو دەدات بە هاسانیی بەسەر جیدیدیەتی باوەڕی سۆسیالیستیدا گوزەر بکەیت و نەتوانی ببینیت، بەڵام کە بەکەڵکە بە وردیی بخوێنرێتەوە.

## ئایدیۆلۆژیی ماڵی گەل[7]

Folkhemsideologin

پێش ئەوەی سەرۆکی مۆدێراتەکان (ڕاستڕەوەکان) یۆستا بوهمان Gösta Bohman وتارێکی نوێ بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی بە شانوباڵی پار ئالبینیزم Per Albinism - دا هەڵ بدات جێی خۆیەتی وتاری یەکی مای (یەکی ئایار) ـ ی ساڵی ١٩٣٠ پار ئالبین بخوێنێتەوە. لەوێدا باس لە ڕۆحی گشتیی و یەکێتی نەتەوەیی دەکرێت، بەڵام ڕووی نووکە تیژەکەی لەو ئۆلیگارشیە [دەستەڵاتی کەمینە] ئابوورییە دەکردرێت کە ئەم پێی دەڵێت دیکتاتۆری ئابووریی. ئەگەر یۆستا بوهمانی سەرۆکی مۆدێراتەکان هەر لەگەڵ ئایدیۆلۆژیی پار ئالبین هانسۆندا دەبێت کاتێکیش کە وتارەکەی خوێندەوە ئەوا وەك دەستکەوتێکی سۆسیالیزم حیسابی دەکەین.
ئایدیۆلۆژیی ماڵی گەلی پار ئالبین، کاتێك کە زۆر لەوانەی بە ڕادیکال ناودەبرێن گاڵتەیان پێی دەکرد بەوەی کە خوردبرژوایی و ڕۆمانتیکی شوێنی دڵگیرە، بەڵام هەروەك ستێن یوهانسۆن Sten Johansson لە "ناملیکەی (گۆڤاری) یەکەمی سەردەم Tidens första häfte "ساڵی ١٩٦٩، گەشەی پێ داوە، ڕەخنەیەکی توندە لە ئابووری بازاڕی ئازاد. لە ناو ماڵی باشدا ئەندامانی خێزانەکە یارمەتی یەکتر دەدەن. ئەوە بەرژەوەندی کەڵکوەرگرتن نییە کە ئارەزووی چالاکی و بەشداربوون دروست دەکات، بەڵکو هەستی هاوبەشیی و هاوپشتێتیە.
گوننار فرێدریکسۆن Gunnar Fredriksson و بو سوێدەرستێن Bo Södersten لە کتێبی "خەتی پار ئالبین Per Albinlinjen (1970)" دا شیکردنەوەی فرە بیرتێزانەیان لەسەر ڕووانگەی سیاسیی پار ئالبین هانسۆن بڵاوکردووەتەوە. دایبەتەر ستراند Dieter Strand بە وتارێکی سەرنجڕاکێش لەسەر سیاسەتی دەرەوەی پار ئالبین هانسۆن بەشداریی لە کتێبەکەدا کردووە. گونار فرێدریکسۆن ئەم کۆپلەیەی خوارەوەی لە وتارەکەی پار ئالبین لە یەکی ئایاری ١٩٣٠ دا هێناوەتەوە:

> "وەك دەزانرێت من پروام بە گەل و بە هەستی ماقووڵ و بە توانایەتی کە ئاخریەکەی هەر بتوانێت چارەنووسی خۆی بە دەستیەوە بگرێت. لەبەر ئەوە هەروەها پرواشم بەوەیە لە ئایندەیەکی نە دووردا کە جەماوەری چەوساوەکان خۆیان دەسەپێنن، کە ئەوانە دەبن بە زەمینەی قایم بۆ سیاسەتێکی گەلی بەهێز، سیاسەتێك کە بەهەست بێت بۆ خەم و دژواریی گەل، کە لە بە ڕیفۆرمکردنی کۆمەڵگادا ئامادە بێت کە تا هەرە خوارەوە پروات و لە ڕێگای بەرقەرارکردنی دیموکراتیەوە لە هەموو بوارێکدا دروشمە دێرینەکەمان، ئازادیی، یەکسانیی و برایەتیی، بکەین بە ڕاستەقینەیەکی پرشنگدار."

---

[7] پار ئالبین بۆ یەکەم جار لە مانگی یەکی ساڵی ١٩٢٨ دا لە پارلەماندا وتارێکی خوێندەوە کە بە "وتاری ماڵی گەل Folkhemstal" بەناوبانگە و لەوێدا وشەی "ماڵی گەل" و "ماڵی هاووڵاتیی" بەکار دەبات. لە "ماڵی گەلدا" کۆمەڵگا خێزانە، وەك هەموو ماڵێکی دیکە ئەرکەکان و بەرپرسیارێتیەکان جیاوازن، تام و بۆچوون و کۆمەڵگابینیەکان دەتوانن جیاواز بن، بەڵام لەیەك تێگەیشتن و یەکترقبووڵکردن و یەکترپێویست بوون و یەکترویستن و یەکترخۆشویستن پرنسیپگەلی پێکەوەهەڵکردنە. ئەندامانی خێزان هاومافن و کەس ئیمتیازی بەسەر کەسەوە نییە. شایانی باسە کە تا ئێستاش ئەو چەمکە چەمکێکی سیاسیی برەودارە. ئەگەرچی لە زۆر لایەنەوە لە لیبرالیزم و کۆنسەرڤایفەکانەوە توانجی لێدەدرێت و دژایەتی دەکردرێت، بەڵام مانا و ڕەهەندێکی سیاسیی وای هەیە کە هەمیشە گەرمەباسە. هەروەها ئەوەش شایانی باسە کە من (ڕێبوار ڕەشید) پێم وایە چەمکی "ماڵی گەل" یەکەم جار وەزیری کشتوکاڵ لە ساڵی ١٩٠٦ ئەلفرێد پێتەرشۆن Alfred Petterson بەکاری بردووە. ئەلفرێد پێتەرشۆن لە ناوچەی پۆبودا Påboda وتارێك دەخوێنێتەوە کە باسی خەونی خۆی سەبارەت بە دامەزراندنی "ماڵی مرۆڤ" و "ماڵێکی گەورەی گەل" دەکات.

ئەم جۆرە فۆرمولاندنە سیاسەتمەدارێك ناناسێنێت كە تەنها بیر لە تاكتیكی كورتخایان بكاتەوە. پار ئالبین هانسۆن دەیزانی سیاسەتەكەی چ مەبەستێك دەدات، و بڕوای بە توانای خۆی بوو كە بتوانێت مرۆڤ تێبگەیەنێت و لەگەڵیدا بكەن.

## ئاگادارییەك بۆ دوو پەیمان

En varning för två block

پار ئالبین ڕووانگەی خۆی لە وتارێكی سەرنجڕاكێشدا لە گوتوبێژی حەواڵەنامەی ساڵی ١٩٣٥ خستە بەردەست. لەو وتارەدا ئاگاداریی دەربارەی ئەوە دا كە لە سەردەمێكدا كە هاوكاریی دەخوازێت وا بكرێت كە نەتەوە بەسەر دوو پەیمانی (بلۆكی) برژوا و دانەیەكی سۆسیالدیموكراتدا دابەش بكرێت كە دژ بە یەك لە شەڕدا بن. پار ئالبین لەسەر پەیمانبەستنێكی برژواییانە یەك دوو وشەی هەیە بیڵێت، كە سیاسەتمەدارانی برژوای ئەمڕۆ جێی خۆیەتی بیری لێبكەنەوە كاتێك كە گەوجانە دەڵێن كە سەركەوتنێكی برژوازیی لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٧٩ دا دەبێت ببێتە مایەی دروستبوونی حوكمەتێكی دژسۆسیالیستیی. پار ئالبین دەڵێت:

> "من لەسەر ئەو مەسەلەیە نادوێم كە پارتە برژوازییەكان چ جۆرە هەلێكیان لەبەردەستدایە بۆ فەراهەمكردنی حوكمەتێكی لە كرداردا بەتوانا. بەڵام كاتێك كە مرۆڤ لەسەر ئەو خاڵانە دەتوێژێتەوە كە دەتوان خاڵگەلی هاوبەش بن، دەبینین كە پلاتفۆرمەكە (زەمینەكە) بەرتەسكە. من پێم وایە، ئەمە لە درێژخایاندا دەبێت بە لقێكی هەر زۆر باریك بۆ لەسەر دانیشتن، كە ئەوان هەر لە سۆسیالدیموكراتەكان بە ترسن. حوكمەتێك لەم سەردەمەدا كە ئێمەی تێداین پێویستی بەو توانایەیە كە بتوانێت سیاسەتێكی پۆزەتیڤ بخاتە كار."

لقێكی هەر زۆر باریك بۆ لەسەر دانیشتن – بە پێی پار ئالبین هانسۆن ئەوە پلاتفۆرمێكی بەرتەسك بوو بۆ حوكمەتێكی برژوا. حوكمەتە سێ پارتیەكەی ساڵی ١٩٧٦ [8] ئەوەشی نەبوو!

لە وتارەكەی خۆی لە ساڵی ١٩٣٥ دا پار ئالبین فەرمووی بەشداریكردن دەكات بۆ ناو هاوكارییەك لەگەڵ یەك كە سنووری ئەو ئایدیۆلۆژیانە دەپرێت كە پارتە سیاسیەكان تێی كەوتوون. بەڵام ئەم ویستە بۆ هاوكارییكردن ئەو باوەڕەی ئەم سەبارەت بە پێداویستیی هەبوونی گۆڕینی سۆسیالیستییانەی كۆمەڵگا لەق ناكات. ئەو لەو ڕاستیەوە پێی هەڵ دەگرت كە شیركەتداریی تاكەكەسیی بە زۆریی ڕووەو قەیران ملی دەنا، كە دامەزراوانی فرێ دەدایە ناو تەنگاوی و نیگەرانییەوە. ئا لێرەدایە كە كۆمەڵگا دەبێت بەردەوام خەریكی كۆنترۆڵ كردن بێت، بۆ ئەوەی مرۆڤەكان لە بەردەوامیشدا بتوانن كە هەر داهاتی خۆیان هەبێت.

> "بۆ نموونە پروانە كۆمەڵگاگەلێك لە ناوچەی مێدلپاد Medelpad یان ئۆنگەرمانلاند Ångermanland لە بوهیوسلێن Bohuslän و شارگەلی دیكە. پاش گەشانەوەیەكی زۆری كاروباری موڵكی وا ئەم ناوچانە لە دژواریی و زەحمەتدا خۆیان دەبیننەوە. كاروبارەكان گوڵ دەگرن و پاشان دەپوكێنەوە، بەڵام كرێكارەكان هەر دەمێننەوە، زۆربەیان وابەستە بە ماڵ و حاڵی خۆیان، بێ ئەوەی هەلێكیان لە دەستدا بێت كە لە شوێنێكی دیكە داهاتی خۆیان دەست بكەوێت. بەڕێزان، كاتێك كە ئا ئەوە بە بەرچاومانەوە دەبینین، ئایا ئەوە ماقووڵ نییە كە بڵێین و بڵێین ئا لێرەدا دەبێت لەلای كۆمەڵگاوە كۆنترۆڵێكی بەردەوام بكردرێت، بەو مەبەستەی گارانتی ئەو سەرئەنجامانەی هەوڵی كۆمەڵدا بكردرێت و گارانتی ئەوەش كە مرۆڤەكان لە ئایندەشدا مووچەی خۆیان دەست بكەوێت. ئا لێرەدایە كە چوارچێوەی

[8] لە كۆتایی هەڵبژاردنەكەی ساڵی ١٩٧٦ دایە كاتێك كە پارتە برژواكان هەڵبژاردنیان بردەوە ئۆلوف پاڵمە قسە لەسەر "سفرەی حازر" دەكات، و مەبەستی ئەوەیە كە برژواكان هاتوونەتە سەر سفرەی حازر. ئۆلوف پاڵمە یەكێك بوو لەوانەی لە بەكارهێنانی مێتافۆردا زرینگ بوو. ئەم مێتافۆرە چەندین جار لەلایەن پاڵمە خۆی و ئەندامانی دیكەی سۆشیالدیموكراتەوە بەكارهێنراوە.

سیاسەتی برژوازیی بەرتەسکە. برژوازیەکان لە وابەستەیی خۆیاندا بەو دوگمەی سەبارەت بە توانای تاك و پیرۆزبووی شیرکەتداریی ئازاد هەیانە بیریان بۆ تێکەڵاوییەك ناچێت، کە ئازادیی بۆ دەستپێشکاریی موڵکیی بکەوێتە ناو چوارچێوەی کۆنترۆڵی کۆمەڵگاییەوە.
ئەگەر مرۆڤ بیەوێت شتەکە وا ببینێت، بەو شێوەیەی کە من هەوڵمداوە بیخەمە بەردەست، نابێت تێگەیشتن لە سیاسەتی سۆسیالدیموکراتی زەحمەت بێت. بەڵام گونجاندنی سیاسەتمان لەگەڵ دۆخ و پێویستیی ئەمڕۆدا بەو مانایە نایەت، کە مرۆڤ لە پڕدا ڕابووەستێت و بڵێت، کە کاتێك دەگەینە ئەمە، ئەوا بە هەموو شتێك گەیشتووین. گەشەی کۆمەڵگا بەردەوامە. لە ڕێگای بەئەنجامگەیاندنی سیاسەتێکی وریایانە و کۆنترۆڵیانەوە ئێمە وەك بڵێین خەریکین فۆرم ئامادە دەکەین بۆ جۆرێك لە ڕێکخستنی دیکە لە ناو کەرتی بەرهەمهێناندا. بە پێی ئەو پێشبینیەی من فۆرمی نوێی کۆمەڵگا زیاتر و زیاتر وای لیێ دێت کە ڕەنگی دەستتێوەردانی کۆمەڵگایی بداتەوە، کە زیاتر و زیاتر خەسڵەتی بە سۆسیالیستکردن بگرێتە خۆی – ئەگەر ئێستا بمانەوێت ئەو کلێشەیە بەکار بهێنین. من پێم وایە ئەوە سیاسەتێکی ئاقڵانەیە کە نەیەین و لەگەڵ ئەوی کۆن و وادەبەسەرچوودا کەڵلەڕەقیی بنوێنین، وا کە کاتێك گەشەکە پەیدا بوو و داوای خۆی فەرز کرد ببێت بە کارەسات. سیاسەتی دروست دەبێت ئەوە بێت کە هەوڵ بدرێت بە پێشبینیکردن هەموو ئەوانە وا پێکەوە گرێ بدەین، کە کۆمەڵگا بێ بەفیڕۆدانی گەورە بتوانێت بە هەموو ئەو فۆرمانەدا پڕوات کە بە پێی کات سرووشتین".

## پار ئالبین هونەری گوێگرتنی دەزانی

Per Albin kunde konsten att lyssna

کە پار ئالبین خۆی هەر زۆر بەو گوتوبێژە حەواڵەنامەیەی شاناز بوو من دەتوانم گەواهیی بۆ بدەم. ماوەیەك پاش وتارەکە من لە گفتوگۆیەکدا لە فۆلکێتس پارك Folkets Park لە شاری لوند Lund لەگەڵی بووم. ئەو کاتە ئەو گێڕایەوە کە کاتێك لەو وتارەدا لە سەر کورسی وەزیرەوە قسەی کردووە بێ هیچ ئامادەگییەك کردوویەتی. پار ئالبین بەو گیرخواردنەی برژواکان تووڕەبوو بوو کە سەبارەت بەو داوایانەی بێکاران و بێدەربەستان هەیانبوو، و بیری کردبووەوە کە بە کورتی لێی بدوێیت. بەڵام وا دەرچوو کە بوو بە نێزیکەی کاژێرێك ئاخافتن.
کاتێك کە من ئەمەم بۆ سەرۆکی یەکێتی ژنان [ئی سۆسیالدیموکراتەکان] کە دیسا ڤێستباری Disa Wästberg بوو، گێڕایەوە کە وتارەکەی پار ئالبین تەواو بێ ئامادەگیی لەوەبەر بووە، دیسا ڤێستباری گوتی جا ئەو وتارە بێ ئامادەییەی هەر زۆر زیاتر بیرلێکراوە بوو وەك لە زۆر لەوانەی پلانیان بۆ کرابوو. دیسا ڤێستباری لەوەبەر چەندین جار گوێی لە پار ئالبین بووبوو کە هەمان ئەو جۆرە بیرەی دەرپڕیوە. بە هەرحاڵ ئەوە شتێکی خۆش بوو کە ئەو دەمە سیاسەتمەداری برژوازیی وا هەبوون کە سەرۆکی پارتی سۆسیالدیموکراتیان وا بزوواندووە کە بێت و بیرەکانی خۆی وەك گۆرانی بچڕێت. بەو شێوەیە ئێمە ئەوەمان دەست کەوت کە ئەو پێی وابوو بناخەی ساختمانی کۆمەڵگابینیی سۆسیالدیموکراتییە.
بێگومان مارکسیزمی تافی جەوانیی تاکە بەردی بناخەی کۆمەڵگابینیی پار ئالبین هانسۆن نەبوو. پار ئالبین توانایەکی وای بۆ تێگەیشتن لە ڕاستیی نوێ هەبوو کە تا ڕادەیەك ئەقڵ پڕی نەدەکرد. ئەو چەند جارە کەمەی کە هەڵ دەکەوت کارێکی بۆ ئەنجام بدەم تێدەگەیشتم کە چەند بەدەربەستەوە بوو کە لە هەموو شتێك ئاگادار بێت و بزانێت بۆ ئەوەی هێندەی بشێت بتوانێت بڕیارێکی دروست بدات. ئەو پێی وانەبوو کە پێشدەست هەموو شتێك بزانێت.
لە کاتی خۆئامادەکردنەکانی وەزیرانیشدا هەر بەو شێوەیە بوو کە من لە کاتی باس پێشکەشکردنەکانمدا دەمدیت. گوێی ڕادەگرت و لە کاتی گوێڕاگرتنەکەیدا زیاتر و زیاتر لەو کۆمەڵگایە تێدەگەیشت کە پێی سپێردرابوو ڕابەرایەتی بکات.
نازانم ئاخۆ کارلەبی Karleby خوێندبێتەوە یان نا. دەشێت ڕەخنە باڵزاڵە بچووکەکەی کارلەبی کە لە کاوتسکی Kautsky هەیبوو دووری خستبێتەوە. بەڵام پێویست ناکات کە مرۆڤ هەر زۆر بیر تیژ بێت

بۆ ئەوەی بزانێت کە پار ئالبین بە توندی لە ژێر کاریگەریی ئێرنست ڤیگفۆرس Ernst Wigforss دا بوو.
پار ئالبین هانسۆن لە درێژایی ژیانیدا بۆ بیری تازە و بیری لە پردابۆهاتن ئاوەڵە بوو. بەڵام تێڕووانینی بناخەیی سەردەمیی لاویی هەر هێشتبووەوە. لەبەرئەوە ئێرنست ڤیگفۆرس جارێك توانی لە یەکێك لە ئاخافتنەکانی پار ئالبیندا لە گفتوگۆی پارلەماندا بێتە دەنگ و بڵێت "ئەوا کۆنە ئەندامی یەکێتی لاوانی سۆسیالدیموکرات هاتە پێش".
سەرقاڵ بوون بە دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی دادوەری بێ لە نارەوایی چینایەتی. ئەو کارە هەر لە خۆوە نەدەهاتە دی. هیچ یاساگەلێك نەبوون کە قابیلی کارتێکردن نەبن کە بە پێی ئەوان حەتمەن دەبێت دووچاری کۆتاییەکی لە چارەنووس نووسراو ببین. ئەوە مرۆڤەکان خۆیان بوون کە لە ڕێگای هاوکاریی لەگەڵ ڕیفۆرمیی پلە بە پلەدا بتوانن ژیان بۆ خۆیان هاسانتر بکەن کە بژین. لە ناو ئەم پێشکەوتنەدا جێی خۆیەتی هاوکارییەك دەر لە سنووری پارتەکان کارێکی سرووشتیی بێت. سۆسیالدیموکراتەکان دەیانتوانی لەگەڵ برژواکاندا بسازێن، بەڵام بە پاراستنی ڕووانگە پرینسیپیەکانەوە. بە پێچەوانەوە، توند بوون لەسەر باوەڕی ئایدیۆلۆژیی پێشمەرجێك بوو بۆ سازاندنەکان لەگەڵ جۆرە ئاراستەبیرەکانی دیکەدا. ئەم کارانە شیاو بوون، ئەگەر مرۆڤ لە ناو خۆیدا خاوەنی ئاراستەنومایەکی دڵنیا بێت کە ئاراستەی ڕێپێوانەکەی نیشان بدات. ئەو ئاراستەنومایە بۆ پار ئالبین هانسۆن باوەڕی سۆسیالیستیانەی بوو.

### دەرهێنراو لە کتێبی "پاڵمە خۆی"

ئۆلوف پاڵمە Olof Palme لەسەر ئێرنست ڤێگفۆرس و تاگە ئێرلاندەر:
"بەتایبەتی ئێرنست ڤێگفۆرس ـ م دێتەوە یاد کە تەمەنی نۆزدە ساڵ بوو وەزیری دارایی بوو و ڕووانگەکانی سەبارەت بە سۆسیالیزم و نرخی گەورەیان بۆ سۆسیالدیموکراتیی سوێدی هەبوو، و من بە داخەوەم کە کارەکانی هەرگیز وەرنەگێردران.
هەر زۆر سوپاسمەندی تاگە ئێرلاندەرم. شانزە ساڵی ڕەبەق لەگەڵیدا کارم دەکرد و هەموو ڕۆژێك دەمبینی. لە ناو ئەو چارەکە سەدەیەدا کە ئەو سەرۆکوەزیر بوو هەرگیز بچووکترین بێشەرمیی لە پێوەندی خۆیدا سەبارەت بە سیاسەت نیشان نەدا. خەسڵەتە گەورەکانی ئەو ڕوومەتبەندیی و خۆڕاگریی بوو. زۆر جار دەیگوت: لە جەم سیاسەتمەدارێك پێویستە بیر، وشە و کردار لە یەکەیەکدا خۆیان ببیننەوە. ئەگەر بۆشاییەك لە نێوان بیر، وشە و کرداردا دروست ببێت ئەوا کەسایەتی سیاسەتمەدارەکە پەرت دەبێت و هاووڵاتیان باوەڕی پێدراوی خۆیان لەو سیاسەتمەدارە دەستێننەوە"[9].

"ڕامیاری – بریتیە لە ویستنی شتێك. ڕامیاری سۆسیالدیموکراتیی ئەوەیە کە گۆڕانکاریی بخوازێت ... بەڵام بە بێگومانییەوە دەبێت ویستە ئاراستەیەك و گۆڕانکارییش ئامانجێکی هەبێت. ئێمەی سۆسیالیست هێندە نەبەردین کە خواستمان هەبێت، چونکە بیر هێزی بزوواندنی ویستە، و ئێمە هێندە ئازاین کە خوازیاری گۆڕانکاریەکان بین، چونکە گۆڕانکاریەکان دەتوانن تیئۆریی بکەن بە ڕاستییەك"[10].

"بەڵام ئێمە چیدی پرواکمان بە یەك یەکەی پێناسە نەماوە. ناتوانین پەڕەکان هەڵبدەینەوە و وەڵامێکی تەواو و بێخەوش ببینینەوە. با منداڵانی قووتابخانە لە دەوڵەتە کۆمۆنیستیەکاندا ڕستەی مارکس و لێنین لە زاریان بزێ، بە هەمان سوورییەوە هەروەك ئایەتی ئینجیلی سەردەمی منداڵیی ئێمە، و با نەوەکانی پیشەسازیی ئەمەریکا بڵاوۆك پەخش بکەن کە هەر لە بناخەدا بە هەمان ڕووانگەی بیرتەسکەوە دروستایەتی و پیرۆزیی سەرمایەداریی تایبەتی دەخاتە بەردەست.

---

[9] بە کوردی:
پاڵمە خۆی، وەرگێرانی ڕێبوار ڕەشید ١٩٩٨، ستۆکهۆڵم، لاپەڕە ١٨.
تێبینی: ئەم کتێبە بێ لە سوێد هەروەها لە لایەن دەزگای سەردەم ـ یشەوە ساڵی ١٩٩٨ لە کوردستان چاپ کراوە. بە سوێدی Palme själv, Texter i urval med förord av Ingvar Carlsson, 1996 Stockholm, Tiden
[10] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٨

بۆ ئێمە گوتوبێژی ئازاد شوێنی تێزە داسەپاوەکەی گرتووە. پڕیاری ئێمە ئەوەیە کە بە بەردەوامی پرسیار بکەین و بابەتیانە دووبارە تاقی بکەینەوە. کە لە دەستەڵاتدارێتی بەگومان و بێبڕوا بین. بەرپرسیارێتی ئێمە ئەوەیە کە زانیاریمان قووڵتر بکەین، سەربەخۆ بیربکەینەوە و بیرەکانمان بە باوەڕداریەکی کەسایەتیەوە گرێ بدەین. ئەم کارە ڕەنگە هێندە مەزن نەنوێنێت، بەڵام ئەمە ئازادی ئێمەیە و شەرەفمانە.
بەڵام دژایەتیکردنی ئایدیۆلۆژییەکان هێشتا هەر بەردەوامە. جاروبار ئایدیۆلۆژیەکان بە هەناسەیەکی پشوو و هەستێکی ڕزگارییەوە وەلا دەنرێن. دەگوترێت تازە ئیدی لە "دەستی مردووی ڕابردوو" ڕزگارمان بووە. ئیدی دەتوانین دەست پێ بکەین کە هەر پرسە و بە پێ و بە کاڵای خۆی، بە پێی ئەو بارودۆخە تایبەتیانەی ئەو دەمە هەڵسەنگێنین. دەتوانین ببین بە پراکتیك، ڕیئالیست و سەرزەمینیی.
ڕستەی وەك "هاوڕێی بەنرخ، تیئۆریەکان هەموو بۆرن، سەوز، درەختی زێڕینی ژیانە" لە Fraust ـ ـەکەی گۆتەوە Gothe دەردەهێنرێت. دەگوترێت با تیئۆریەکان هەڵبدەینە ناو شڕوشیتاڵەوە. وەرن با بۆ خۆمان ژیان بژین. ڕەنگە ئەمە بێزارکار بێت. بە هەمان شێوە دەتوانم بە ئاشکرابێژییەوە بڵێم: ئەو ئاراستەی ویستە درێژخایانە لابەرە کە تیئۆری و بەهاکان بناخەیەکن بۆی و ئەو باوەڕە بەهەست و سۆزییە لابەن کە سەرچاوەی هێزی بزووانندە، و سیاسەت لە پراکتیکدا بێ مانا و قوڕ دەبێت. دەشێت مرۆڤ لەو ڕێگایەوە پارچە پارچە گۆڕانکاریی باشتر بکات، بەڵام مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت کۆمەڵگا بگۆڕێت. دەشێت مرۆڤ بتوانێت شتێکی تر بکات، بەڵام مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت شتێکی جیاواز دروست بکات.
گەر مرۆڤ لووت بکاتە زەوی و بە بێ ڕووانگەیەکی ئامادە و بە بێ ئەوەی ڕووی کردبێتە ئایندەیەك کە لە چارەکەساڵی چاوەڕوانکراو زیاتر درێژ بێتەوە، ڕێ بپێوێت، ئەوا هەرگیز ناتوانێت کۆمەڵگا نوێ بکاتەوە. ئەو کاتەش مرۆڤ هەمیشە نائامادەیی بەرانبەر ئەو گیروگرفتانە ڕادەوەستێت کە پاشەڕۆژ لەگەڵ خۆیدا دەیانهێنێت..."[11]

"من بە شانازی و بە خۆشییەوە سۆسیالیستێکی دیموکراتم. من بووم بە سۆسیالیست کاتێك بە ناو هیندستاندا دەگەڕام و ئەو هەژارییە دژوارەم دەبینی هاوکات کە بەشێك لە خەڵك بە تەواوی زەنگین بوون. کاتێك دەگەڕام و لەم ڕووەوە هەژاریەکی لەوە ڕیسواکارانەترم لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەبینی، کاتێك وەك لاوێك لەگەڵ نائازادی و چەوسانەوە و مرۆڤڕاوانی کۆمۆنیزم لە دەوڵەتانی کۆمۆنیستدا یەکانگیر دەبوومەوە، کاتێك چوومە کامپە زۆرەملێیەکانی نازیستەکان و لیستی کوشتنی سۆسیالدیموکرات و ئەندامانی سەندیکای کرێکارانم دەبینی"[12].

**تێبینی:** هەموو بنتێبینیەکان و ڕوونکردنەوەکان ئی خۆمن (ڕێبوار ڕەشید)

**وەرگێڕانی لە سوێدیەوە: ڕێبوار ڕەشید**

* * * * * *

**چەند پرسیارێك بۆ خوێنەر (ڕێبوار ڕەشید):**
١. تاگە ئیرلاندەر و ئۆلوف پاڵمە مەبەستیان چییە کاتێك کە باس لە ئایدیۆلۆژیەکی سۆسیالیست دیموکرات دەکەن؟
٢. ئایا جیاوازیی لە نێوان پارتێکی ئایدیۆلۆژی و پارتێکی ئایدیۆلۆژیپەرستدا چییە؟
٣. ئایا بۆ جۆرێك لە نەرمیی بەرانبەر بە سیاسەتی لیبرال، بە تایبەتی سۆشیاللیبرال و لیبرالدیموکراتیك، لە مێژووی سۆسیالدیموکراتیدا دەبینرێت؟
٤. مەبەست چییە لە هاوکاریکردن لەگەڵ پارتگەلی دیکەدا دەر لە سنووری پارتایەتی؟ ئەو هاوکارییە دەتوانێت کام بوارانە بگرێتەوە؟

---

[11] هەمان سەرجاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٨ - ٣٠
[12] هەمان سەرجاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٥٢

٥. جیاوازیی لە نێوان پارتێکی "شۆڕشگێڕ" لە مانا سیاسی و ئایدیۆلۆژیەکەیدا لەگەڵ پارتێکی "ڕیفۆرمخواز" چییە و ئاکامی ئەو سیاسەتە دەتوانێت چەند کاریگەریی باش یان خراپی لەسەر کۆمەڵگایەك هەبێت؟
٦. ئایا ڕادەی تێنەگەیشتنی حیزبێك لە چ ئاستێکدایە کاتێك دەڵێت من "حیزبێکی سیاسیم، نەك ئایدیۆلۆژیی"، و ترسناکیی ئەو لاوازیە تیئۆرییە دەتوانێت تا چ ڕادەیەك زەرەرمەند بێت؟